# سەرۆک وەزیران لە شەرم شێخ لەگەڵ سەرکی فەرنسا دیدارێک ئەنجام دەدات



سەرکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، لە شەرم شێخ لەگەڵ سەرکی فەرنسا دیدارێک ئەنجام دەدات

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران ڕاگەیەندراوێکدا کەدستی موتەبع کەوتووە بڵاویکردەوە سەرکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە لە پڕاوەزی کەنفرانسی شەرم شێخ تایبەت بە غەززە لەگەڵ سەرۆک کەماری فەرنسا ئیمانوێل ماکرۆن دیدارێکی ئەنجامدا.

وتیشی لە میانی دیدارەکەدا پەیوەندیە دووقۆیەکان و ڕەگاکانی پتەوکردن و پەرەپێدانیان لە بواری جیاجیاکان تاوتوێ کرا، هەروەها باسیان لە کەنفرانسی بەغداد بۆ هاوکاری و هاوبەشی کرد، سەرۆک فەرنسا جەختی لەوە کردەوە کە چەندین کەمپانیای فەرنسی تایبەتمەند لە بواری وزە و ژێرخان و بڕگری و ئاو لە کەنفرانسەکەدا ئامادە دەبن و خزمەت بە بڕژەوەندیە هاوبەشەکانی هەردوو وڵاتی دەست دەکەن.

هەر لە دیدارەکەدا تەوەری سازدانی کۆنفرانسێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی غەزە بە سەرکایەتی فەرەنسا خرایە بەرباس و جەختکرایەوە لەسەر گرنگی پاراستنی ئاگربەست و پتەوکردنی سەقامگیری و ئارامی لە ناوچەکە و پاپشتیکردنی هەوڵە مرۆییەکان بۆ پشکشکردنی هاوکاریی بەپەلە بە هاووڵاتیانی مەدەنی لە غەزە.